# هاووڵاتیانی بەحرکەو دارەشەکران چ

## هاووڵاتیانی بەحرکە:

## پرۆژەی ئاویخواردنەوەمان پێویستە



بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکە بۆ (گوڵان):

**ئومێدەوارین کێشەی تاپۆی خانووەکانی بەحرکە چارەسەر بکرێت**

سنووری بەحرکەو دارەشـــەکران کە دەکەونە باکوری شاری هەولێرەوەو چەندین گوند لەخۆدەگرێت، بەمەش جگە لەوەی ئەم ناوچەیە ســنوورێکی بەرفراوانی هەیە، هاوکات ژمارەی دانیشتووانەکانیشی رووی لەزیادبوون کردووە، لەسەردانێکی تیمی گۆڤاری گوڵان بۆ هەردوو ناحیەکە لەنزیکەوە هاووڵاتیانی بەحرکەو دارەشـــەکرانمان دواند کە گلەیی و رەخنەو داواکارییان لەکەمــی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان



# ـــــاوەڕوانی ئاوڕلێدانەوەی حکومەتی هەرێمن

## هاووڵاتیانی دارەشەکران:

## ناحیەکەمان لە گوندێکی وێران دەچێت پێویستی بە کارو پڕۆژەی بە پەلە هەیە



بەڕێوەبەری ناحیەی دارەشەکران بۆ (گوڵان):

### ناکرێت ناوچەیەکی وا فراوان بێ نەخۆشخانە بێت

هەبوو، بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانیش قسەکانی هاووڵاتیانیان پشت ڕاست کردەوەو داوایان لەوەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان کرد ئاوڕێکی جیدیانەو خێرا لەناوچەکانیان بدەنەوە، کە لێرەدا ڕەخنەو داواکارییەکانی هاووڵاتیان و قسەکانی بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان لەدوو توێی ئەم ڕاپۆرتەدا دەیخەینەڕوو.



### خراپی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان

بەحرکــە لەســاڵی ٢٠٠٢ بوو بەناحیە کە پێشــتر کۆمەڵگایەك بوو سەر بەناحیەی عەنکاوە، نزیکەی ٣٠ گوندو کۆمەڵگای پیرزین و شاخۆلان لەسنووری ناحیەکەدا هەیە، ژمارەی دانیشــتوانی نزیکەی ٥٠ هــەزار کەس دەبێــت و بەناوچەیەکی کشــتوکاڵی دادەنرێــت، لەبەرهەمی گەنم و جۆدا لەناوچە هەرە دەوڵەمەندەکانی کوردســتان دادەنرێــت. لێرەو لەوێ هاووڵاتیانی ســەنتەری ناحیەو سنوورەکە گلەیی و داواکارییان لەســەر کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە، وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی سەنتەری ناحیەکەمان کردوو لەنزیکەوە چەندین هاووڵاتیانمان دواند، داواکاری هاووڵاتییان و چەندین پرســیاری ترمان ئاراســتەی نەبەز عەبدولحەمید بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکە کرد.

### نەبوونی خزمەتگوزاری

ســەرەتا لەگەڕەکی ئاشــتی لەناحیــەی بەحرکە هاووڵاتییــەك بەناوی ســەرکەوت عوســمان وتی: شارەوانی بەحرکە لە ئاست کارو پرۆژەکاندا بە تایبەتی لەکۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاك کەمتەرخەمە، هەر بۆیە ئەگەر ســەیری زۆربەی کۆڵان و گەڕەکەکان بکەین دەبینین پیسی و زبڵوخاشاکیان تێدا پەرشوبڵاو بۆتەوە، هەر لەمبارەیەوە هاووڵاتیانیش و هەر کەسە بە شێوەیەك و بە ئارەزووی خۆی زبڵەکانیان فڕێدەدەن و هــاوکاری شــارەوانی ناکــەن. هەروەها لە چەند کۆڵانێکی تر لەگەڕەکی ئاشــتی هاووڵاتی ئەنوەر عەلی وتی: لەم بەشەی گەڕەکەکەمان کەموکوڕی زۆرە لەوانــە بیری ئاوپخواردنــەوەی گەڕەکەکەمان وشکی کردووە و پرۆژەی تۆڕی ئاوپخواردنەوەشمان لەژێــر نۆژەنکردنەوەدایــە، بۆیە کێشــەی نەبوونی ئاوپخواردنەوەمــان هەیە و لەلایــەن حکومەتەوە بە تانکەر ئاومان بۆ دێنــن، لەلایەکی ترەوە ماوەیەکە کارەبای نیشتمانی دەبڕێت و لەو کاتانەدا موەلیدەی ئەهلی کارەبامان پێ نادات و تیمەکانی کۆکردنەوەی زبڵوخاشــاکیش کەمتەرخەمن و بەباشی کۆڵانەکان پاك ناکەنەوە. سەلیم حوسێن وتی: هەندێ لە کۆڵان و ماڵــەکان تۆڕی کارەبای بــۆ نەهاتووەو لە دوور کارەبامان ڕاکێشاوە یا هەندێ ماڵ کارەبامان نییە و کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکەشمان قیرتاو کۆنکرێت نەکراوە، ئەمەش تووشــی زەحمەتی و ناخۆشــیمان دەکات چ لەوەرزی زســتان چ لە هاوین دا. هەروەها فەتحی شێروانی وتی: شەقامی سەرەکی ناو بەحرکە پێویســتی بە پــردی پەڕینەوە هەیــە و ڕووداوی بەرکەوتنی هاووڵاتیانی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەو ڕێگا ســەرەکییە ئاموشۆی زۆر لەسەرەو قەرەباڵغە، هەروەهــا بنکەی تەندروســتی شــارۆچکەکە زۆر بچووکەو کەموکوڕی لەبواری پزیشــکی دا هەیە، قوتابخانەکانیش زۆربەیان دوو دەوامین و کێشــەی بینایەو میلاکاتی مامۆستاشــمان هەیە. محەمەد عوســمان لەگەڕەکی پەککەوتەکانەوە وتی: شەقام و کۆڵانەکان قیرتاوو کۆنکرێت نەکراون و قوتابخانەش لێــرەوە دوورە ڕۆژانە قوتابیان بــۆ ماوەیەك بەپێیان هاتوچۆ دەکــەن و داواکاریــن قوتابخانەیەکمان بۆ

**بنکەی تەندروستی شارۆچکەی بەحرکە زۆر بچووکەو کەموکوڕی لەبواری پزیشکی دا هەیە**

دروســت بکرێت، هەروەها زۆربەی خانووەکانی ناو سەنتەری ناحیەکەش تاپۆیان نییە. هاووڵاتی عەزیز هەمزە لە گەڕەکی نەوڕۆز وتی: ماوەی ساڵێك دەبێت لەو گەڕەك و کۆڵانانە خەریکی پرۆژەیەکی ئاوەڕۆن کەچی تا ئێستا تەواو نەبووەو دەڵێن هۆکارەکەش بۆ ســتی کۆمپانیاو بەڵێندەرەکە دەگەڕێتەوە و دیارە حکومەتیش بەدواداچوونی بەدواوە ناکات، لەلایەکی ترەوە هەموو کۆڵان و شــەقامەکانمان بێســەروبەرەو هــەر لە گوندێکی گــەورە دەچێت و تا ئێســتاکە پــرۆژەی قیرتاو یا کۆنکریت کردنی بۆ دەرنەچووە. هەروەها ژمارەیەکی تــر لە هاووڵاتیان لە گەڕەکی بەهارو قەڵات وتیان لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان کێشــە و کەموریمان هەیە و داواکارین ئەو ساڵ لەم حکومەتە تازەیەدا پرۆژە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ژیانمــان وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و قیرتاو و قوتابخانە بۆ جێبەجێ بکەن. ســاڵ لە دوای ســاڵ شارۆچکەکە بەرفــراوان و قەرەباڵغتر دەبێت کە ئەو کات داخوازی خەڵك زیاتر دەبێت و کێشــە خزمەتگوزارییەکان زیاد دەبێت و لایەنی پێوەندار ناتوانێت بەسەر کەموکوڕی کێشەکاندا زاڵ بێت.







### ئەو کات کێشەی تاپۆی خانووەکان

بەمەبەســتی بەدواداچوون بــۆ ڕەخنەو داواکاری هاووڵاتیان چەند پرســیارێکمان ئاراســتەی نەبەز عەبدولحەمیــد بەڕێوەبەری ناحیــەی بەحرکە کرد، سەرەتا ســەبارەت بەفراوانبوونی سنووری شارەوانی ناحیەکــەو ئەنجامدانــی ماســتەرپلان بۆ باشــتر بەڕێوەچوونی کارو پــرۆژەکان وتی: لەگەڵ دانانی ماستەرپلان بۆ شــاری هەولێر کە پرۆژەکە بۆ زیاتر لە ٢٥ ســاڵ دانراوە بەشێکی سەنتەری ناحیەکەمان دەکەوێتــە ناو ئــەو ماســتەرپلانە بەتایبەتی لەناو پشــتێنەی ســەوزی هەولێرەوە، ناحیەکەی ئێمەش نەخشەی بنەڕەتی خۆی هەیە، هەرچەندە لەماوەی ســاڵانی ڕابردوو ناحیەکەمــان گۆڕانکاری زۆری بەســەردا هاتووە، بەڵام بەو پێیەی بەشێکی زۆری ناحیەکەمان دەکەوێتە ناو ئەو ماستەرپلانەی هەولێر هەربۆیە پێویســتە زیاتر پــرۆژەو کاری جوانکاری بــۆ بکرێت. ناحیەی بەحرکە بەشــێکی زۆر کەمی خانووەکانی تاپۆیان هەیە، ئەمە کێشەیەکەو خەڵکی زۆر داواکارییــان لــەم ڕووەوە هەیــە، ئومێدەوارین کێشەی تاپۆی خانووەکانی بەحرکە چارەسەر بکرێت کە ئێســتا لیژنەی تایبــەت لەئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە بۆ چارەســەرکردنی کێشــەکە. لەلایەکی ترەوە کێشەی زێدەڕۆیی بەیەکێك لەو کێشانە دادەنرێت کە ڕووبەرووی ئیــدارە دەبێتەوە، وەکو یەکەی ئیدارە توانیومانە ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ بکەین .

### کەموکوڕی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون

سەبارەت بەپرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتایبەتی لەڕووی نیشــتەجێبوونەوە کە ژمارەیەکــی زۆر لەو یەکەی نیشتەجێبوانە لەسنوورەکە ئەنجامدراوە بەڕێوەبەری ناحیــەی بەحرکە وتــی: ئامانجــی حکومەت لە پرۆژەکانی نیشــتەجێبوون ئەوەیە خەڵکی سوود لەو پرۆژانە وەربگرێت بەتایبەتی هەژارو کرێچی، بەڵام بەداخــەوە کەمترین کەس لەو جــۆرە خەڵکە هەژارو کەمدەرامەتانە سوودیان لێوەرگرتووە و کەموکوڕییەکی زۆریشــی تێکــەوت، لەلایەکی تــرەوە خەڵکانێك هەڵســاون لەســەر خانوو و یەکەی نیشتەجێبووەکان کڕین و فرۆشــتنی لەســەر دەکەن و نرخەکانی زۆر بەرزبوونەتەوە، هەروەها لەئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی نیشتەجێبووندا کە لەسنوورەکە ئەنجامدراوە هیچ پرس بەئێمە نەکراوە.

### گرفتی ئاوپخواردنەوە

بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکە ســەبارەت بەکێشــەی ئاوپخواردنەوە وتی: لەســنووری بەحرکە بەتایبەتی لەسەنتەری شارۆچکەکەدا کێشــەی ئاوپخواردنەوە هەیە، چونکە لەچەند ساڵی ڕابردوو وشکەساڵی بووە ئاوی ژێر زەوی دابەزیوەو ئەمســاڵیش ئاستی ئاوی ژێر زەوی زیاتر دابەزیــوە، هەر بۆیە چەندین بیری ئاوپخواردنەوە وشــکی کردووە. ئەمەش کێشەیەکی گەورەیــە، چونکــە ئێمــە لــەڕووی دابینکردنی ئاوپخواردنــەوەوە بۆ ســەنتەری ناحیەو ســنوورەکە پشت بەبیر دەبەســتین، لەلایەکی تر لەگەڕەکە تازە و ئەوانــەی کۆنیــش کە تــۆڕی ئاوپخواردنەوەیان نییە یا پێویســتیان بــە نۆژەنکردنەوەیــە لەکاتی

نەبوون یا کەمی ئاویخواردنەوە بەتانکەر ئاویان بۆ دابین دەکەین، سەرەڕای ئەمەش لەو گەڕەکانە ئێستاکە پڕۆژەی تۆڕی ئاویخواردنەوەیان لەژێر جێبەجێکردندایە، هاوکات هەر گوندێکی سنوورەکە پێویستی بە ئاوبێت بە تانکەر ئاویان بەسەر دابەش دەکەین، لەلایەکی تر لە هەر شوێن و گەڕەکێك بیرە ئاوەکانی وشکی کردبێت بیری بەدیلیان بۆ لێدەدرێت. لێرەدا داواکارین بۆ سنوورەکەمان بۆ دابینکردن و چارەسەرکردنی گرفتی کەمئاوی کە لە گوندی گەزنەو سەنتەری ناحیەکە تا ڕادەیەك هەیە بودجەی زیاتر تەرخان بکرێت.

### کەمی بینایەی قوتابخانە

سەبارەت بە پەروەردەو کێشەو کەموڕییەکانی ئەم کەرتە بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکە وتی: ئێمەش لە قوتابخانەکان کێشەی قەرەباڵغیمان لە ناو پۆلەکاندا هەیە و زانستی و پەروەردەیی نییە ئەگەر هەر پۆلێك ٧٠قوتابی لێبێت کە ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی لە بەحرکە هەیە و قوتابخانەکانیش زیاتر دوو دەوامین بۆیە پێویستمان بە چەند بینایەی تری قوتابحانە هەیە و لەبواری میلاکاتیش پێویستمان بە مامۆستای ئینگلیزی و وانە زانستییەکان هەیە.

### کەموکوڕی بواری تەندروستی

سەبارەت بە کەموکوڕی و کێشەکانی تەندروستی بەڕێوەبەری شارۆچکەی بەحرکە وتی: سیستەمی تەندرووستی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا هەر کۆنە و لەگەڵ ئەو سەردەمە گونجاو نییە، چونکە لە ناو سەنتەری ناحیەکەدا بنکەی تەندرووستی هەیە، گەرچی پێویستە بنکەی تەندرووستی تەنیا لە گوندەکان هەبێت و لە ناو ناحیەکەدا بنکەی پێشکەوتوو و بەرفرەوان یا نەخۆشخانەی چەند قەرەوێلەی هەبێت. بەڵام لەبەرئەوەی سیستەمەکە کۆنە تا ئێستا بیر لەو کارانە نەکراوەتەوە لەبواری تەندروستی کە ئاماژەم پێدا. بەشێوەیەکی کشتی کەموکوڕی لە بواری تەندروستی هەیەو پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە بەتایبەتی لە دابینکردنی ئامێرو داودەرمانی باش و پێویست و پزیشکی شارەزاو پسپۆر لەبوارەکانی نەشتەرگەری و ئافرەتان .

### زبڵوخاشاك

سەبارەت بەکۆکردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك لەسەنتەری ناحیەی بەحرکە نەبەز عەبدولحەمید وتی: زبڵ و خاشاك کێشەیەکی گەورەی ئێمەیە بەتایبەتی لەساڵانی رابردوو، بەڵام ئێستاکە ئەو کۆمپانیانەی ناو شاری هەولێر پاك دەکەنەوە ناحیەی بەحرکەش خراوەتە ئەستۆیان، بەڵام تا ئێستا ئیششوکارەکانیان بەباشی بەڕێوەنەبردووەو گلەیی و رەخنەیەکی زۆرمان لەسەریان هەیە. لەلایەکی ترەوە لەبواری ئاوەڕۆشەوە کەموکوڕی و کێشەمان هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی رابردوو تا ئێستا بەبڕی ٢ ملیار دینار پڕۆژەی ئاوەڕۆ لەناحیەکە جێبەجێ کراوە بەڵام پێویستیمان بەپڕۆژەی فراوانترو زیاتر هەیە.

### کشتوکاڵ رووی لەکەمبوونەوە کردووە

سەبارەت بەکەرتی کشتوکاڵ بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکە وتی: جگە لەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ

## شەقامی سەرەکی ناو سەنتەری بەحرکە پێویستی بە پردی پەڕینەوە هەیە

ستراتیژییەتی نەبووە بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ هاوکات زەوی کشتوکاڵیشمان بەهۆی یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە کەم بووەتەوە.


لەکۆتایی دا بەڕێوەبەری ناحیەی بەحرکە وتی: لەناو سەنتەری ناحیە بەتایبەتی لەگەڕەکە تازەکان پێویستمان بەکارو پڕۆژەو هەڵمەتی قیرتاوکردن هەیە، ئەمساڵیش چەند گەڕەك و شوێنێك هەڵمەتی قیرتاوکردنی بۆ ئەنجام دەدەین، داواکاریشین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان چاوخشاندنەوەیەك بەدابەزاندنی دەسەڵاتەکان بکات.

### دارەشەکران کێشەو کەموکوڕی زۆری هەیە

دارەشەکران لەساڵی ٢٠٠٤ بوو بە ناحیەو ٢٦ گوند لەسنوورەکەیدا هەیە، ژمارەی دانیشتوانی ٩٠٠٠ کەسە، سنوورێکی بەرفراوانی هەیەو بەناوچەیەکی کشتوکاڵی دادەنرێت، دوای ئەوەی کرا بەناحیە هەندێك پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام لێرەو لەوێ هاووڵاتیانی سەنتەری ناحیەکەو سنوورەکە رەخنەو گلەییان لەبوارە خزمەتگوزارییەکان هەیە، ئێمەش وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان لەنزیکەوە گوێبستی ژمارەیەك لەهاووڵاتیان بووین، داواکاری و







گلەیی و گازندەکانی ئەو ناحیەیەو چەند پرسیارێکی ترمان ئاراستەی کەریم محەمەد بەڕێوەبەری ناحیەی دارەشەکران کرد.

سەرەتا هاووڵاتی سالار مەجید کە خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی سنوورەکە بوو وتی: سنوورەکەمان بەرفراوانە و زەوییەکی زۆر و بەپیت و بەرەکەتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری هەیە، بەڵام لەلایەن حکومەت و وەزارەتی پێوەندار هیچی بۆ نەکراوە تەنیا قەرزی کشتوکاڵی نەبێت و چەندین ساڵ وشکەساڵی بوو هەربۆیە ئاوی ژێر زەوی دابەزی و هیچ بەدیلێکیشمان نییە و تاکە یەك جۆگەلەی ئاودێریش بۆ ئەو سنوورە نەکراوە، ئەگەر جوتیار خۆی بەتایبەتی ئەوانەی نزیك ئاوەکە و ئیفراز کارێکیان بۆ خۆیان کردبێت، دەنا حکومەت پڕۆژەی نییە و لە بواری کەرتی تەندروستی بە تایبەتی لەڕووی پزیشك و پشکنین و داودەرمانە کەموکوڕی زۆرو بەرچاو هەیە . ئەمەو هاووڵاتیەکی تر بەناوی مەجید ئەنوەر سەبارەت بەکەرتی پەروەردە وتی: پێویستمان بە بینایەی قوتابخانەو نۆژەنکردنەوەو مامۆستای زمانی ئینگلیزی و وانە زانستییەکان هەیە. هاووڵاتی هەردی جەمالیش سەبارەت بەکەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان وتی: ماوەی چەند ساڵە دارەشەکران بۆتە ناحیە کەچی لە گوندێکی وێران دەچێت و لە هەموو بوارە خزمەتگوزارییەکان پێویستی بە کارو پڕۆژەی بەپەلە هەیە، تۆڕی ئاویخواردنەوەی بە سۆندە ڕاکێشراوەو ڕێگاو کۆڵانەکانی ناو دارەشەکران زۆر خراپ و بێسەروبەرە پێویستە هەر ئەو ساڵ پڕۆژەی ئاوەڕۆی بۆ ئەنجام بدەن پێشتر ئاوەڕۆیەکی بۆ کراوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە تەواو نەبوو ئاوی پێدا تێپەڕنابێت و بۆتە هۆکارێکی پیسی و بۆنی ناخۆش لە ناو ناحیەکەدا و تا ئێستا مامەڵەی تاپۆی خانووەکانمان بۆ نەکراوە و یەکێك بیەوێت بۆ خۆی خانوو دروست بکات لەلایەن یەکەی ئیداری و لایەنی بەرپرسی دیکە ڕێگای پێنادەن، لەلایەکی تر باخچەیەك دروستکراوە تاکە یەك شەتڵی نەمام و گوڵ و دارو درەختی لێ نەڕواندراوە و ستوونی کارەبا لە هەندێ شوێن لەناو حەوشی ماڵانە و قوتابخانەیە و هەندێ ماڵیش تۆڕی دابەشکردنی کارەبایان بۆ نەچووە و بەسەر خانووی ماڵاندا کارەبایان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە، لەلایەکی تر زەوی بەسەر خەڵکەکە دابەش ناکرێت بۆ ئەوەی خانووی نیشتەجێبوونی لەسەر درووست بکەین و ڕێگا سەرەکییەکەی بە ناحیەکەمان تێپەڕ دەبێت هەر یەك سایدە، لەلایەنی تەندرووستییەوە کەموکوڕییەکی زۆرمان هەیە و بنکەی تەندروستی ناو ناحیەکە بچوکەو پشکنین و پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتان لە بنکەکانی سنوورەکەمان نییە و داودەرمانیان زۆر کەمە.

### فراوانبوونی دارەشەکران

سەبارەت بەماستەرپلان کە لایەنێکی زۆر گرنگە بۆ فراوانبوونی هەموو شارو شارۆچکەیەکە بەڕێوەبەری ناحیەی دارەشکران وتی: دارەشەکران گوندێکی سنوورەکە بوو لەگەڵ بوونی بەناحیە بۆ بەرفراوانبوون و گەشەپێدانی نەخشەیەکی بنەڕەتی ئەندازەیی بۆ

## لە کەرتی پەروەردە کێشەی بینایەو میلاکات و مامۆستامان هەیە

دانراو بەپێی ئەو نەخشەیە دەستکراوە بەبەرفراوانکردن و ئەنجامدانـــی کارو پـــرۆژەکان، لەهەر کاتێکدا کە پێویســـتمان بەکوژانەوەی زەوی بوویێت بەپێی یاساو رێنماییـــەکان بەهاوکاری هاووڵاتیانی ســـنوورەکەو خاوەن زەوییەکە توانیومانە کوژانەوەی زەوی ئەنجام بدەیـــن و قەرەبووی خاوەنەکانیشـــیان بکەینەوە، لەم رووەشەوە سەرەتا بەسنووری گوندە کۆنەکەوە نزیکەی ١٤٠ دۆنم زەویمان کوژانەوە، بەڵام وەکو ماستەرپلان ناحیەکە ماستەرپلانی بۆ نەکراوە ئەمەش پرۆژەیەکی گرنگە لەداهاتوودا بەیەکێك لەکارەکانمان دادەنرێت، یەکێك لەو کێشانەی لەم ناحیە هەیە نەبوونی تاپۆی خانووەکانـــە ئەم گرفتەش لەزۆربەی قەزاو ناحیەکان هەیەو پێویســـتە چارەســـەری بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام ســـەرِەرای ئەوەی خانووەکان تاپۆیـــان نییە، بەڵام پێشـــینەی خانووبەرە هاووڵاتیـــان دەگرێتەوەو لێی سودمەند دەبن.

### فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ

ســـەبارەت بەفەرامۆشـــکردنی کەرتی کشـــتوکاڵ و ئاژەڵـــداری لە ســـنووری ناحیەی دارەشـــەکران بەرِێوەبـــەری ناحیە وتی: وەزارەتی کشـــتوکاڵ لەم سنوورە بەپێی خواســـت و داواکاری خەڵکەکە کارو پرۆژەیەکی وای نەکردووە کە شایەنی باسکردن بێت، هەر بۆیە خەڵکەکە بەتایبەتی جوتیاران رەخنەیەکی زۆریان لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، لەکاتێکدا دەکرێت چەندین پرۆژەی ئاودێری دروست بکرێت بۆ نموونە لەســـەر زێی گەورە دەکرێـــت پرۆژەیەکی ئاودێری دروســـتبکرێت و زۆربـــەی زۆری ئـــەو زەوییانەی کە دەکەونـــە ئەم دیوو ئەودیوی پرۆژەکە ســـوودی لێوەردەگیرێـــت، لەلایەکی تـــرەوە دەکرێت لەخانووی بلاســـتیکی و دابینکردنـــی پەین و تـــۆو ئامێری کشتوکاڵی هاوکاری زۆری جوتیاران بکەن، هاوکات من نازانـــم بۆچی لەم ناوچەیە هیـــچ پرۆژەیەکی کارگەی شـــیرەمەنی و ئاژەڵداری نەبێت، نەبوونی پلان و بەدواداچوون بۆ کارو پرۆژە کشـــتوکاڵیەکان کەرتی کشتوکاڵی لەسنوورەکەمان لەناوبرد .

### گرفتی ئاویخواردنەوە

ســـەبارەت بەکارو پرۆژەی ئاویخواردنەوەو ئاوەرِۆکان و کەموکورِیەکانی بەرِێوەبەری ناحیەی دارەشەکران وتی: لەساڵی ٢٠١١ پرۆژەیەك بۆ گۆرِینی تۆرِی ئاویخواردنەوەی ناوخۆی دارەشەکران دەرچوو، ئەمەش لەگەڵ دروســـتکردنی کۆڵانەکانی ناو گەرِەکەکانی سەنتەری ناحیەکە لەگەڵ دروستکردنی ئاوەرِۆکانی کە ئێســـتا ئەم پرۆژەیە لەژێر جێبەجێکردندایە، بۆیە تا تەواو دەبێت هەندێك ماڵ و شوێن بەسۆندە ئاویان راکێشـــاوە، ئەو ئـــاوەرِۆ کۆنەی کە بـــاس دەکرێت لادەبرێت و ســـەرلەنوێ ئاوەرِۆیەکـــی نوێ ئەنجام دەدرێـــت . پرۆژە کۆنەکەی ئـــاوەرِۆ تەواو نەکراوەو بەپێی دیزاین و نەخشـــەی ناحیەکە نەبووەو پێشـــتر جێبەجێکراوە .

لەلایەکـــی ترەوە پرۆژەیەکمان بۆ کردنەوەی شـــەقام و کۆڵانەکانـــی ناو ســـەنتەری ناحیەکە لەقۆناغی جێبەجێکردندایە، کە دەبووایە پێش ســـێ چوار ساڵ لەمەوبەر ئەم پرۆژەیەو پرۆژەی بەجووت سایدی ناو سەنتەری ناحیەکە ئەنجام بدرایە.

### نەبوونی نەخۆشخانە

ســـەبارەت بەکەرتـــی تەندروســـتی و نەبوونـــی نەخۆشـــخانەیەك لەم ســـنوورە بەرِێوەبـــەری ناحیە وتی : لەکۆی ٢٦ گوند ٧ بنکەی تەندروســـتیمان هەیە بەڵام ئـــەم بنکانە زیادە، ئەمرِۆ پێویســـتمان بەچاوخشـــاندنەوەیەك هەیە بۆ بنکە تەندروستیەکان، چونکە هاووڵاتی تەنیا پێویستی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی تەندروســـتی کـــەم نییە، ناکرێت بنکەیەکی تەندروســـتی کە دکتـــۆری تێدا نییە بۆ هاووڵاتی ســـودێکی وا زۆری هەبێت پێویستە ئەو بنکە تەندروســـتیانە پەرەپێبدرێـــت و فراوان بکرێت، دەکرێت چەند بنکەیەکی تەندروستی بکرێت بەیەك و پێشـــخرێت و پزیشکی پسپۆری تێدا دامەزرێت . بۆ پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی لەناحیەی دارەشەکران پێویســـتیمان بەوە هەیە ئەو بنکە تەندروستیەی کە هەیە بکرێتە نەخۆشخانەیەکی ١٠- ٢٠ قەرەوێڵەیی، ناکرێت حســـاب بۆ ٩٠٠٠ کـــەس و ناوچەیەکی وا فراوان نەکرێت و بێ نەخۆشخانە بمێنینەوە.

### دەسەڵاتی کارگێرِی

سەبارەت بەدابەزینی دەسەڵات بۆ یەکە ئیدارییەکان و کاریگەری لەســـەر خێراکردنی کارو ئەنجامدانی پرۆژەکان بەرِێوەبەری ناحیەی دارەشەکران وتی: ئێمە یاسایەکمان هەیە کە یاسای پارێزگاکانە ژمارە ١٥٩ لەساڵی ١٩٦٩ دەرچووە کە تێیدا دەسەڵاتی بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی دیاری کردووە، لەپاڵ ئەم یاسایە یاسایەکی تریش هەیە کە دەسەڵاتی بەرپەسی یەکە ئیدارییەکان بەتایبەتی لە کارگێرِی دا زیاتر دەکات، بۆ ئـــەوەی بتوانین وەکو پێویســـت کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لەچەندین یاســـای تردا برِگە هەیە دەســـەڵاتی یەکە ئیدارییەکانی پێوەبەندە، بەداخەوە تا ئێســـتا لەکوردستان ئەو یاسایانە بەهیچ شێوەیەك جێبەجێ نەکراوە.

لەکۆتایی دا بەرِێوەبەری ناحیەی دارەشەکران وتی: ناوچەکەمان زۆر پێویستیان بەدروستکردنی بەنداوێکە لەمەنداوە، ئەمەش پرِۆژەیەکی ستراتیژی دەبێت بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکە، هاوکات پێویستمان بەوە هەیە لەگوندەکانـــی زەرگـــە زەوی و چرِە و باوەخەلان کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە کۆڵانەکانیان قیرتاوبکرێت و پرۆژەی خزمەتگوزاری تریشییان بۆ ئەنجام بدرێت . هەروەها داواکارین یاریگای ٦ یاریزانی لەناحیەکەو ئەو گوندە گەورانە دروســـت بکرێت، بەپێویستیشی دەزانین چەنـــد بینایەیەکـــی قوتابخانەیەکی ١٢ و ١٨ پۆلی لەســـنوورەکە دروست بکەن. رِێگای نێوان کاوانی زراری کـــە ٤ کیلۆمەتر درێژە پرۆژەیەکیان لەساڵی رابردوو بۆ جێبەجێ کرا، بەڵێندەرەکە دەستی بەکار کردو پرۆژەکە تەواو بوو تەســـلیمیش کرا پرس بەمن نەکرا، تەنانەت من نازانم بەڵێندەر کێیەو ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش چەندە، هاوکات پێویستمان بەدابەشـــکردنی زەوی هەیە بەســـەر هاووڵاتیاندا، چونکە خەڵکی داواکاری هەیە و پێویستیان بەیەکەی نیشتەجێبوون هەیە.

